بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ ﴿1﴾

(خەڵكینە!!) هەڵپەكردن بۆ زۆركردنی (ماڵ و منداڵ و سامان و كۆشك و تەلارو...هتد) ئێوەی سەرگەرم و سەرگەردان كردووە.

حَتَّى زُرْتُمُ الْمَقَابِرَ ﴿2﴾

تا ئەو كاتەی كە دەمرن و دەبرێنە گۆڕستان (وە دەخرێنە ناو گۆڕێكی تەنگ و تەسك و تاریكەوە).

كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿3﴾

جا ئەو كاتە دەزانن (چ قوڕێكتان بۆ خۆتان گرتۆتەوە، چ بەڵایەكتان بەسەر خۆتان هێناوە).

ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿4﴾

مەگەر پاشان بزانن (چ زەرەرێكتان لە خۆتان داوە، بەهۆی غەفڵەت و دنیا ویستیەوە).

كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ ﴿5﴾

نەخێر، حەق نیە وا بكەن، چونكە ئەگەر بەچاكی ڕاستیەكان تێبگەن (وا ناكەن).

لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ ﴿6﴾

ئەوسا بێگومان دۆزەخ دەبینن (دۆزەخێکی تۆقێنەرو پڕ لە ئازارو ناسۆر).

ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ ﴿7﴾

دووبارە بەچاوی سەرتان دەیبینن بە ئاشکراو دڵنیا دەبن (کە چەندە سامناکە).

ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ ﴿8﴾

ئینجا (باوەڕتان بێت) بێ دوودڵی، لەو ڕۆژەدا پرسیارتان لێ دەکرێت دەربارەی نازو نیعمەتەکان (چۆنتان پەیدا کردووەو لە چیتا بەکارتان هێناوە).